

# ئاسایشی نه ته وه یی
# نیشتمانێکی داگیرکراو

جەمال فەتاح

نیشتمانی کورد به گشت پارچه کانیه وه پڕه له کانزای ئاشکراو شاراوه ی ژێرزه وی هه رله گۆگرد و یۆرانیوم و جیوه و مس و حه وجۆش وئاسن وستیل و زیو و گازی سرووشتی و فسفۆڕ و نه وت و به روبوومی کشتووکاڵی و په له ور و ئاژه ڵداری وهتد ـ له هه مووشی گرنگتر ئاوی به لێشاوی پاک و بێگه ردی کانیاو و چۆم و ڕووباره کانی کوردستانه که به شی ژیانی زیاتر له ٥٠٠ ملێون نفووس ئاوی پاکی خواردنه وه مان هه یه ئه مه ش ئه گه ر کورد خۆی خاوه نی بێت ئه توانێت جگه له کورد خۆی بۆ سه دان ساڵ ئاوی به شێکی گرنگ له خه ڵکی جیهان مسۆگه ربکات که به پێی بۆچوونی زانایانی ستراتیجی و جیۆلۆجی جیهان شه ڕی ئاینده شه ڕی ئاوه نه ک نه وت و شتیتر، به ڵام ئه م سه رچاوه سروشتیانه که بریتین له سه رچاوه و به ردی بناغه ی چمکه کانی ئاسایشی نه ته وه یمان به ئێستاشه وه له لایه ن دوژمنانه وه داگیرکراوه و به شێکی گرنگ له سامانی نه ته وه یمان ده رئه هێنن و نرخه که شی ئه چێته باخه ڵی دووژمنان و داگیر که ران ئه وانیش یان سه دام ئاسا ئه یده ن به قومبه له و کیمیاوی وئه نێن به کورد خۆیه وه یان کۆشک و ته لاری سته مکاران و داگیرکه رانی کوردی پێڕازاوه ته وه ـ

ئه مه ش دیاره که گه ل ونیشتمان داگیر کراوبوون ئاسایشی نه ته وه یی ئه وگه ل و نیشتمانه داگیرکراوه فه ریکه یه و له بارودۆخێکی زۆردواکه وتوانه دا ئه مێنێته وه و به پێی قۆناخه کانی ژیان هیچ گه شه و نه شو نمایه ک ناکات چوونکه دووژمنان و داگیر که ران وه ک دز وان دیاره دزان کاتێک ئه چنه سه رماڵان نه ک هیچ ویژدانیان نیه به رانبه ریان به ڵکوزۆر به خراپی به سه ر یه کیدا ئه ده ن و وێرانی ئه که ن جگه له وه ش هه رچی شتی به که ڵکیان به رده ست بکه وێت به تاڵان ئه یبه ن بۆیه دوژمنان وداگیرکه ران نه خزمه ت به کانزا سرووشتیه کانی کوردستان ئه که ن و نه به پێی قۆناخه کانی سه رده م گه شه ی پێئه ده ن و نه ئه یبووژێننه وه، ئه م دوژمنانه ی نه ته وه ی کوردیش له چوار قه واره و ڕژێمی داگیرکه رو له سێ نه ته وه ی باڵاده ستی داگیرکه ری وه ک تورک ، عه ره ب ، فارس ،دا خۆی ئه نوێنێت ـ

دیاره سه ده ی ڕابوردوو سه ده ی گه شه سه ندن و پێشکه وتنی جیهان بوو به تایبه تی له ڕووی ئابووریه وه بۆگشت گه لان به ڵام له به رئه وه ی نه ته وه ی کوردو نیشتمانه که ی داگیرکراو بوو نه توانرا له وسه ده یه دا گه شه به ئابووری کوردستان بدرێت و چه مکه کانی ئاسایشی نه ته وه یی مان بگه شێنرێته وه و بۆ به رژه وه ندی کورد خۆی وه گه ڕبخرێت ، وه ک له سه ره تاشه وه باسم کرد کورد خاوه نی نیشمانێکی پڕپیته و چه مکه کانی ئاسایشی نه ته وه یی به تایبه تی له ڕووی کانزا سروشتیه کانه وه زۆربه هێزه تیایدا دیاره هه ربه هێزی ئه م چه مکه به هێزانه ش بووه ته هۆی ئه وه ی به درێژایی ئه ومێژووه دوورودرێژه دوژمنان و داگیر که

ران چاوی چنۆکیان بڕیوه ته نیشتمانه که مان و داگیریان کردووین و گه له که شمانیان تووشی هه زاران کاره سات و ماماڵوێرانی و تراژیدیای جیاجیاکردووه .

دیاره گه شانه وه و وه گه ڕ خستنی گشت چه مکه کانی ئاسایشی نه ته وه یمان به بێ بوونی ده وڵه ت کارێکی نه بوو و محاڵه ده وڵه تیش به بێ ئازادو سه ربه ست بوونی نه ته وه و نیشتمان هه رکارێکی محاڵه و نایه ته درووست بوون، دیاره هه رنه ته وه و گه لێکیش به بێ گه شانه وه و که ڵک وه رگرتن له چه مکه کانی ئاسایشی نه ته وه یی خۆی و خاوه نداریه تی لێکردنی به شێوه یه کی ته واو نه ئه بێته جێگای باوه ڕی دۆسته کانی و نه گه لانیتریش له به رچاوی ئه گرن و باوه ڕی خۆیانی پێ ئه به خشن ئه وکاته ش ئه و گه له گۆشه گیرو داگیر کراو ئه مێنێته وه، دیاره جیهانی ئه م چه رخه جیهانی به رژه وه ندی هاوبه شه ئه گه ر گه لێک یان ده وڵه تێک به رژه وه ندی هاوبه شی له گه ل کورد نه بێت نه ڕه وایه تیمان پێئه به خشن و نه پشت گیریمان ئه که ن جگه له هه ندێک ڕووی مرۆیی ئه ویش هه ندێک له گه لان و وڵاتانی جیهان ته نهاله کاتی کاره سات و تراژیدیا کاندا ئه گه ر هه ندێک یارمه تی مرۆیی یان باس و خواسی مرۆییمان له سه ر بکه ن ، هه رچه ند له سه ره تای سه ده ی ڕابردووه وه کورد خه بات و تێکۆشان ئه کات و خوێن ئه ڕێژێت له پێناوی سه ربه ستیدا به ڵام له به ر دووه هۆکاری سه ره کی نه یتوانیوه سه رکه وتن به ده ست بێنێت ، یه که م نه بوون یان که م بوونی وشیاری گشتی له گشت ئاسته کاندا، دووه م نابه رانبه ری دوژمنان و داگیرکه ران له به رانبه ر شۆڕش و ڕاپه ڕینه کانی کورد دا، ئه م دووهۆکاره به تایبه تی نه یهێشتووه کورد به ئامانجه کانی خۆی بگات و ببێته خاوه نی ده وڵه تی خۆی و سامانی نه ته وه یی خۆی به گشت چه مکه کانیه وه بگه شێنێته وه و بۆبه رژه وه ندی خۆی که ڵکیان لێوه ر بگرێت .

به ڵام ئه م چه رخه جگه له وشیاری و به ئاگا هاتنه وه ی کورد و خۆناسینی له گشت پارچه کانی کوردستاندا و به تایبه تی له باشوری کوردستاندا چه رخی نه مانی سته مو داگیرکاریه له گشت جیهاندا هه روه ها چه رخی وه رچه رخانی سه ربه ستیه بۆگه لانی زۆرلێکراوو ژێر ده ست، سه رهه ڵدانی ئه م چه رخه نوێیه له کۆتایی هه شتاکانی سه ده ی ڕابردووه وه و له هه ره سهێنانی یه کێتی سۆڤیه تی و کامپی سۆشیالزمه وه ده ستی پێکرد و له سه رئاستی جیهان بواری زیاتری ڕه خساند بۆپساندنی کۆتو زنجیره کانی گه لانی داگیر کراو به تایبه تی ده رگاکانیشی له سه ر کورد خسته سه ر پشت هه ربۆیه له به هاری ١٩٩١دا باشووری کوردستان ڕاپه ڕی و ئه وتۆزه سه ربه ستیه مان له وهه ڕێمه دا بۆبه دیهات .

پێویسته کورد ئه رکه هه نوکه ییه کانی خۆی بناسێت و کاری شێلگیرانه بکات بۆئه رکه هه نووکه ییه کان بۆگه یشتنی هه رچی زووتر به سه ربه ستی یه کجاره کی به ده ست هێنانی گشت مافه ڕه واکانی و پێکهێنانی ده وڵه تی کورد،دیاره هه له کانیش به ده گمه ن په یدا ئه بن و که له ده ستیش چوون دوو باره بوونه وه یان زۆر محاڵه .

بۆ ئه م وتاره که ڵک وه رگیراوه له

١– مه سه له کانی ئاسایشی نه ته وه یی فه رید ئه سه سه رد

٢– گۆڤاری ستراتیجی نه ته وه یی ژماره ٦ بۆ ١٤

جمال فتاح

١٥–٢٠٠٥/٢/١٦